بەرگری شارستانی هەولێر زیانەکانی ئاگرەکەی بازاری لەنگە ئاشکرا دەکات

بەرگری شارستانی هەولێر ئاشکرایکرد، ژمارەی ئەو دوکانانەی لە بازاڕی لەنگە بەهۆی ئاگرەکەی شەوی رابردوەوە سوتان نزیکەی (166) دوکانە.

ئەمە چوار شەممە، کاروان میراودەلی، وتەبێژی بەرگری شارستانی هەولێر بە کەناڵەکانی راگەیاندنی راگەیاند: ئاگرەکەی بازاڕی لەنگە گیان لە دەستدانی لێنەکەوتووە و تیمەکانی بەرگری شارستانیش توانیویانە لە (85%)ـی دوکانەکان لەە سوتان بپارێزن، تەنها لە (15%)ـی روبەری بازاڕەکە کە (166) دوکانە سوتاوە.

وتیشی: لیژنەیەکی باڵای هونەری بە لەکۆبینەوە لە رووداوەکە دروستکراوە و لەلایەن لیژنەکەوە بەدواداچون بە خەماندنی زیانەکان دەکرێت، چونکە دوکانەکان بەرژەی جیاواز زیانیان بەرکەوتوە.

ئاماژەی بە ئەوەشکرد، هەکاری روداوەکەمان بە دەرکەوتوە، بەڵام بە زیاتر دەنیابوونەوە و لەکەینەوەی وردتر بە هەکاری کەوتنەوەی ئاگرەکە و قەبارەی زیانەکان لە هەفتەی داهاتودا راپەرتەکە دەنوسرەت و پەشکەش بەلایەنی پەیوەندیدار دەکرەت.

وتەبەژی بەرگری شارستانی هەولەر، ئاشکرایکرد، بەپەی ئامارەکانی فریاکەوتنی تەندروستی خەرای شاری هەولەر (90) هاوەاتی بەرکەوتەی دوکەبون و بە وەرگرتنی چارەسەر رەوانەی نەخەشخانە کراون.